# کەرکوک، دێتە دەنگ

کامیل ژیر

---

ئەمڕۆ بە ژمارە، هەشتاو نۆساڵە

هەنگوینی شانە، لە دەمما تاڵە

گڕو ئاگرێ بەربۆتە جەستم

هەمیشە خەستەم

بوم بە کورەی جۆش

بۆخۆم بێ بۆن و بۆ نەیار بۆنخۆش

تیشکی ئاگرم ئەبەخشم بە دور

کەچی لەلای خۆم،ڕۆژ،شەوی دەیجور

نەدارو بێ بەش

لەکنخۆم کارگەو کانی زێڕی ڕەش

چەندین پزیشکم وەبەرهێناوە

بۆ من بەبێ سوت

لەڕو لاوازو پشتم چەماوە

وەکو سلقی روت

ئێستا پزیشکێ لە ئەمریکاوە

ئەڵێ: چاوەکەم دنیا گۆڕاوە

من چارەسازم

من بەردەبازم

ئەتکەم بە هەرێم، شاری رازاوە

ئەتدەم بە دەستی زریان و باوە

بێ ئیستۆپ و رۆت

خۆت و بەختی خۆت

یا رانکوچۆغە ئەکرێ بەبەرتا

یا چەفتەوعەگاڵ لەتەوقی سەرتا!!

------------